عەلاق کەبوونەوەکانی لەگەڵ گەنجینەی ئەمریکا بە پەداچوونەوە بە سزاکانی سەر بانکەکانی عێراق ئاشکرادەکات

ئەمە پێنجشەممە، عەلی عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندی، کەبوونەوەکانی لەگەڵ گەنجینەی ئەمریکا بە پەداچوونەوە بە سزاکانی سەر بانکە عێراقییەکان ئاشکرا کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی پەرلەمانتار عەتوان عەتوانی، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: لیژنەی دارایی بە سەرکایەتی عەتوان عەتوانی و بە ئامادەبوونی ئەندامەکانی، میوانداری عەلی عەلاق پارێزگاری بانکی ناوەندی کرد، بە گفتوگەکردن لەسەر ژمارەیەك دەسیەی گرنگ، بەتایبەتی ڕووشونەکان بە چارەسەرکردنی بەشایی گەورە لە فرۆشتنی دۆلار لە نێوان نرخی فەرمی و بازاڕی هاوتەریب، هەروەها گواستنەوەی بازرگانی بیانی لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکەوە.

بە پێی بەیاننامەکە، لە کەبوونەوەکەدا پەداچوونەوە کرا بە دەسیەی سزاکانی گەنجینەی ئەمریکا لەسەر بانکە ناوخەییەکان و ڕادەی کاریگەرییەکانیان لەسەر سیاسەتی دراوی و دارایی و کاری بانکی لە وڵاتەکەدا، و ئەو ڕووشوێنانەی بانکی ناوەندی لەم بارەیەوە گرتوویەتیەبەر.

ئاماژە بەوەشکراوە: تاوتوێی ستاندارد نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکان و پلانەکانی داهاتوویان کرد بە باشترکردنی واقیعی سیستەمی بانکی و ئەگەری فراوانکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکان، داشتنی هێکەلی بانکەکان، و هەنگاوەنان بەرەو پرۆسەی پارەدانی ئەلیکترۆنی، جگە

لەوەش ئەگەری هەموارکردنەوەی یاسای بانکی ناوەندی.

بەپێی بەیاننامەکە، عەتوانی جێختیکردەوە: لە گرنگی بەدواداچوون بە مەلەفی ئابووری، سیاسەتی دراو، سیستەمی حەواڵەی دەرەکی و ناوخۆ، و دەزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکانی بانکی ناوەندی.

ئاماژەی بەوەشکرد: حکومەت هەوڵەکی زۆر دەدات بۆ پاراستنی سەقامگیری بازاڕی ناوخۆیی لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، بەتایبەتی سەبارەت بە نرخی فرۆشتنی خۆراك و کاڵا پێویستەکانی دیکە.

وتیشی: چاوەڕوانی بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ بانکی ناوەندی دەکەین بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بڕەای دیناری عێراقی و کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ناوخۆیی بەمەبەستی کەمکردنەوەی بارگرانی سەر هاوڵاتی.

هاوکات پارێزگاری بانکی ناوەندی، جێختیکردەوە، لەسەر پێرەپەدانی یاسا بنەڕەتییەکان بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی ناردنی پارەی دەرەکی و ناوخۆیی و ناسەقامگیری نرخی ئاوگەڵ بە بوونی بازرگانی نایاسایی کە لەلایەن بازرگانە بچووکەکانەوە ئەنجام دەدرێت و هەندێك لە جامبازەکان کە بە کشانەوەی دۆلاری نێختینەیی لە بازاڕەوە پارەیان بە دابین دەکرێت.

عەلاق وتیشی: ئەو سزا دەرەکیانەی کە بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە بانکە ناوخۆییەکانماندا سەپێنراون، بووەتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵ و پلانەکان بۆ کردنەوەی پەیوەندی و هێڵی پەیوەندی لەگەڵ بانکە پەیوەندیدارە نودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان.

ڕونیشیکردەوە: پرۆسەی چاپکردنی دراوی ناوخۆیی بەپێی ڕووپێشی دارایی پێویست و بەشێوەیەك ئەنجام دەدرێت کە هاوسەنگی لە نێوان دراوی بیانی و ناوخۆییدا دروست بکات و ڕێگری لە هەر هەڵاوسانی دارایی بکات.

عەلاق ڕایگەیاند: لە ئێستادا هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانی ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکی، هەروەها کەبوونەوەی بەردەواممان لەگەڵ گەنجینەی ئەمریکا هەیە، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە چاوخشاندنەوە بە سزایانە بکرێت کە بەسەر بانکەکانی عێراقدا سەپێنراون، و کە نابێت ئەم جۆرە بەیارانە لە داهاتوودا دەربکرێن بەبێ گفتوگۆکردن و ئاگادارکردنەوەی بانکی ناوەندی عێراق.“ بەرپرسیارە لە چاودێریکردنی چالاکییەکان.